## ڕاگرتنی هێمنیی و ئارامیی ئەرکی سەرشانی هەموو کوردستانیەکە

دانیشتووانی باشووری کوردستان لە هەڵبژاردنی پارلەمان و سەرۆکی هەرێم نێزیک دەبنەوە. یەکەم جارە لە مێژووی کوردستاندا بە شێوەیەکی ئاوا لە سەر ئاستی نەتەوەیی لە بەشێکی کوردستان هەڵبژاردن ساز بکرێت. هەبوونی لیستی "گۆڕان" پرۆسەی هەڵبژرادنی لەو مانایەدا گۆڕی کە وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی گەورە و ڕێکخراو لە هەڵبژاردندا بەشدار بێت.

ئەو ڕاستییەی کە بەشێکی گەورەی لیستی "گۆڕان" لایەنێکی بەکاری ناو یەکێتی نیشتیمانیی بوون و هەن و ئێستا وەک لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن جۆرێک لە گرژی خولقاندووە. بە ڕای ئێمە ئەو گرژیە کاردانەوەیەکی ئاساییە، بەڵام دیارە دەبێت جڵەو بکرێت و وردە وردە بڕەوێنرێتەوە.

خۆشحاڵییەک ئەوەیە کە تا ئێستا بەرپرسانی سەرەوەی هەموو لایەنەکان سووربوون و شێلگیربوونی خۆیان لەسەر هێشتنەوەی هێمنیی و ئارامیی کوردستان دووپات کردووەتەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ پەسەندکردنی سەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەربڕیوە.

بەڵام نەیاران و دوژمنانی کورد و کوردستان زۆرن و چاویان لەسەر کوردستانە و تا ئێستا بە بەردەوامیی دەستیان لە تێکدانی باری ناوخۆ و بەخراپ ناوزڕاندنی کورد و دانیشتووانی کوردستاندا هەبووە و دەبێت. هاوکاتیش ژیانی دیموکراسیی ئەزموون و تاقیکردنەوەی درێژ و سەختی گەرەکە و لەو بوارەدا هێشتا کورد کەم ئەزموونە.

لەو بابەتەوە ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) داوا لە سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان و گرووپ و ڕێکخراوە و حیزب و پارتە سیاسیەکانی دەکەین بە هەستێکی بەپرسیاریی بەرزەوە بەرەو هەڵبژاردن هەنگاو بنێن.

سەرئەنجامی هەڵبژاردن هەرچیەک بێت لەو پرۆسەیەدا تەنها براوە هەیە و دۆڕاو نییە. براوەکان هەموو ئەوانەن کە لە خزمەتی کورد و کوردستاندا بوون و هەن، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەستی پاکی بەرپرسیاریی و ئەرکداریی و نیشتیمانیی خۆیان دەسەلمێنن، کە خەبات

بۆ پێشخستن و سەرخستنی دۆزی کورد دەکەن، کە دژ بە جۆرەکانی گەندەڵیی و بێدادیی و ئانارشیستی سیاسیین کە هەر کەس بۆ خۆی و خانەوادە و حیزبی خۆی هەوڵ بدات.

ئێمە بە ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی خۆمان ڕادەگەیەنین کە پاراستنی ئارامیی و هێمنیی لە کوردستان ئەرکی یەکەمینی ئەم ڕۆژانەی ڕووەو هەڵبژاردنە. پاراستنی سەر و گیان و ماڵی هاووڵاتیانی کوردستان و هاوکات فێربوونی ئەزموونی باش لە پرۆسەی دیموکراسیی دەبێت بەشێک بێت لە ئامانجی ئێستامان.

لێرەوە هیوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بۆ پارلەمان و بۆ سەرۆکی هەرێم دەخوازین. هیواداریین دانیشتووانی کوردستان ماندوونەناس بە گیانی هاوڕێیەتیی و تۆلەرانسیی سیاسییەوە بەشداریی تێدا بکەن.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٧/١٥



info@psdkurdistan.org